# گەیشتنی کەشتی

ئەلموستەفا، هەڵبژاردە و خۆشەویست، ئەو کەسەی کە بۆ سەردەمی خۆی شەبەقی سووری بەرەبەیان بوو، دوازدەساڵی رەبەق لە شاری ئورفالێزێ چاوەڕووانی کەشتییەکەی کرد کە بگەڕێتەوە و بیباتەوە ئەو دوڕگەیەی لێی لە دایك ببوو.
لە دووازدەهەمین ساڵ، لە حەوتەمین رۆژی ئیلول ، مانگی خەلەو خەرمانان، لە گردی ئەو بەری دیواری شارەوە لە دەریای رووانی؛ کەشتییەکەی دی کە لە مژدا نزیك دەبۆوە.
لێرەدا دەروازەی دڵی بە هەراوی کرانەوە، شادی دڵی بەسەر بەرینایی ئەو دەریایەدا کەوتەفرین. چاوەکانی لێکنان و لە سوکنایی رووحیدا* سوژدەی برد.
بەڵام کاتێ لە بەرزایی تەپۆڵکە دابەزی، خەمێك سەرتاپای لەشی داگرت، بەدڵیدا هات کە:
لە هێوری و بێ خەمیدا دەکرێ برۆم؟ نا، بێ زامی روح ئەم شارە جێناهێڵم. رۆژگاری ئازاران کە من لە دیوارەکانیاندا تێپەڕم کرد درێژ بوون و شەوگاری تەنیاییش هەروا. تۆ بڵێی کێ بتوانێ بە نەچرژاوی ئازار و تەنیاییەکەی بەجێ بێڵێ؟
روحم تەژییە لەم شاقامانە، زارۆکی تاسەم کە بە رووتی بەو گردەوە دەگەڕێن، فرەن، منیش بەزەحمەت وبە ئازارەوە دەتوانم خۆمیان لێ بکێشمەوە.
خۆ ئەوە خەیاڵ نییە کەمن بەجێی بێڵم، بەڵکو ئەمە شیرن دلێکی تامەزرۆی برسێتیی و توونێتییە.
دیارە ناتوانم زۆر وەمێنم. ئەو دەریایەی کە هەموان بۆلای خۆی بانگ دەکا بانگی منیش دەکا،
دەبێ منیش لەو کەشتییە سەرکەوم.
چونکە لە مانەوەدا هەر چەند دەمەساتەکان لە شەودا دەسووتێن، بەلام مانەوە بە مانای تەزین و کپیی و دەقگرتنە.
ئەوانەی لێرەن بە رەزامەندییەوە لەگەل خۆمیان دەبەم.
بەڵام کوا ئەوە بۆ من دەلوێ؟
دەنگێك ناتوانێ زمان و لێوان لەگەل خۆی هەڵگرێ کە باڵیان دابوویە. ئەو هەر بەتەنیا دەبێ بەرەو ئاسمانی ساماڵ بفرێ.
هەڵۆ دەبێ بەتەنیا و بێ هێلانەکەی بەرەو رۆژ باڵ بکوتێ.
کاتێ لە گردەکە بەرەو ژێر دادەبەزی، جارێکی دیکە بەرەو دەریا ئاوڕیدایەوە، کەشتییەکەی دی کە بەرەو لەنگەرگا دەکشێ و هاوولاتیەکانی خۆی بە لووتکەی کەشتییەکەوەن. روحیشی قاوی کردنێ و گوتی:
رۆڵەکانی دایکە بە شکۆکەم ، سوارکارانی هەژان و هێوری دریا، چیها ئێوە لە هورم و روئیاکانی من دا بادەوانی کەشتیتان هەڵداوە. ئێستاش لە بێداری دا دەتانبینم و ئەوەش قووڵترین رۆئیای منە.
ئامادەی رۆیشتنم و بێ ئارامیی من و بادەوانی داکێشراو چاوەڕووانی بایە.

ئێستادەمەوێ لەم هەوا ئارامەدا هەر تەنیا نەفەسێك هەڵمژم، تەنیا بە نیگایەكی پڕ لەسۆز ئاوڕێك بدەمەوە.
پاشان دەمەوێ لە نێو ئێوەدا ڕاوەستم، دریاڤانێك لە نێو دەریاڤاناندا.
تۆش دەریای بێسنوور ، دایكی نووستوو كە بە تەنیا سوكنایی و ئازادیی چۆم و ڕووباری.
ئەم چۆمە تەنیا سوڕێك دەدا و پچەپچێك لەگەل ئەم مێشەیە دەكا.
پاشان دەمەوێ بێمە لاتان، منی دڵۆپێكی بێ كەوشەن لە ئۆقیانووسێكی بێ سنووردا.
كاتێك بەرەوپێشتر چوو، پیاوان و ژنانی دی كە كێلگە و باخە رەزەكانیان بەجێهێشتبوو و لە پەلەپەلی گەیشتن بە دەروازەكانی شار دابوون.
گوێی لێدەبوو كە ناوی ئەویان دەچڕی و لە كێلگەیەكەوە قاویان لە كێلگەیەكی دیكە دەكرد تا لە هاتنی كەشتییەكەی ئەو یەكتر ئاگادار بكەن.

ئەویش لەبەر خۆیەوە دەیگوت:
دەبێ ڕۆژی ماڵاوایی ڕۆژی بەرەخەرمان بێ؟
دەبێ مانای وابێ كە تەنگی شێوانی من لە ڕاستیدا شەبەقی سووری بەرەبەیانی من بێ؟
چی بدەم بەو كەسە كە بەرهەمەكەی لە نێوەراستی كێڵگەدا جێی هێشتووە یان ئەوەی كە چەرخی شەراوپاڵێوی لەكار خستووە؟
دڵم دەبێتە داری تەژی لە میوە كە من لێیكەمەوە و بتوانم پێشكەشیانی بكەم؟
بڵێی ئاواتەكانی من وەكو ئاوی كانی وەرێكەون، بۆ ئەوە گۆل و ئەستێری ئەوانی پێ پڕكەم؟
دەكرێ چەنگێك بم و دەستی كەسێك بمگاتێ، یان بلوێرێك و بتوانم بە نەفەسی ئەو هەناوم داماڵم؟
من پەیجوری سوكناییم و ئەو گەنجەی كە لە ئارامییدا دۆزیومەتەوە بڵێی بتوانم دابەشی بكەم؟
ئەگەر ئەوە ڕۆژی خەلەو خەرمانی من بێ، لەكام كێڵگە تۆوەكەیم چاندووە و لەكام وەرزی ساڵی لەبیركراودا بووە.
ئەگەر بەراستی ئەوە ئەو كاتە بێ كە من فانۆسی تێدا بەرزكەمەوە ، ئەوە گڕی من نییە كە تێیدا داییسێ، كێشكچی شەو لە ڕۆنی چرا پڕی دەكا و دایدەگیرسێنێ.
ئەم شتانەی بە دەنگ بێژەكرد.
دیارە زۆر شتی لە دڵیدا ما كە نەیدركاند*. چونكە ئەو بۆخۆی نەیتوانی قووڵایی نهێنییەكەی بدركێنێ*.
كاتێك هاتە نێو شار ، هەموو خەلك بەرەو ڕووی هاتن و بە یەك دەنگ قاویان كرد.
پیرترین كەسانی شار هاتنە پێشەوە و گوتیان:
جێمان مەهێڵە.
دوانیوەڕۆیەك شەبەقی بەرەبەیانی ئێمە بووی و سەردەمی لاویی تۆ هورم و ڕوئیای داوە بە هورمەكانمان* .
تۆ لە نێو ئێمەدا نامۆ نەبووی، بەڵكو تۆ كوری ئێمە و خۆشەویستی ئێمە بووی.
ڕێگا مەدە دیدەمان تامەزرۆی دیداری تۆ بێ.

ڕەبەنان و ڕەبەنێن* پێیان گوت:
ڕێگا مەدە شەپۆلی دەریا لێکمان هەڵاوێرێ و ئەو ساڵانەی لە نێو ئێمەدا تێپەرت کرد بۆ مان ببێتە بیرەوەری.
تۆ وەکو گیان بووی لە نێوماندا و سێبەرەکەت روناکایی روخساری ئێمە بووە.
زۆرمان خۆشویستووی. بەڵام خۆشەویستیی ئێمە بە وتە نەگوتراوە و رووبەندی بە سەرکێشراوە، هنوکە بە دەنگی بەرز ئەو خۆشەویستییە خۆی لە قاو دەدا و دەیەوێ لەبەرەو رووی تۆ راوەستێ و پەردە لەسەر خۆی لادا.
هەر لەوەپێشیش وا بووە کە ئەوین لە کاتی جیاییدا لە قووڵایی خۆی گەیشتووە.
ئەوانی دیکەش هاتن و لێیپارانەوە. بەلام ئەو وەڵامی نەدانەوە و هەر سەری رادەوەشاند؛ ئەوانیش لەنزیکی راوەستان و لەو فرمێسکانەیان دەروانی کە دەکەوتنە سەر سینگی.
ئەو و خەڵك بەرەو مەیدانی مەزنی بەردەمی نوێژگە وەرێکەوتن.
لەو پرستنگەیەش ژنێك هات کە ناوی ئەڵمیترا بوو. ئەویش تماشاچی بوو.
بەو پەڕی دڵسۆزییەوە لەو ژنەی روانی، ئەو ژنە یەکەم کەس بوو کە لەیەکەمین ڕۆژی بوونی لە شارەکە دا هەڵیبژاردبوو و ئیمانی پێهێنا بوو.
ئەو ژنە سەلامی لێکرد و گوتی:
پێخەمبەری خوا، تۆ پاش گەڕان بە دوای ئاخرین تشتاندا ماوەیەکی زۆر لەدوورەوە بەدوای کەشتییەکەت دا گەڕاوی.
ئەوە ئێستا کەشتییەکەت گەیوەتە جێ و دەبێ بڕۆی.
شۆقی دیتنی وڵاتی بیرەوەریی و زێدی ئاواتە مەزنەکانت قووڵە؛ نە خۆشەویستیی ئێمە پابەندت دەکا نە پێویستیمان بە تۆ رات دەگرێ.
تەنیا تکامان بۆ یەك شتە. بەر لەوە بەجێمان بێڵی، بۆمان بدوێ و راستی خۆتمان پێ بدە.
ئێمە دەیاندەین بە زارۆکانمان و ئەوانیش بە زارۆکیان و ئەوەش بە فیرۆ ناچێ.
لە تەنیاییەکەت دا رۆژی ئێمەت لە بەرچاو بووە و لەو تێروانینەتدا گوێت لە دەنگی گریان و پێکەنینی ئێمە بووە.
لێرەوە کارێکی وا بکە کە ئێمە خۆمان بناسین و هەر شتێکی کە لە کاتی لەدایك بوونەوە تا کاتی مەرگ نیشانی تۆ دراوە پێمان بێژە.
ئەویش وەڵامی دایەوە:
خەڵکی ئۆرفالێسێ! من کوا دەتوانم لە شتێك بدوێم کە روحی ئێوە خۆی هەستی پێنەکا؟

---

گرد: تەپۆڵکە، قووتکە،
درکاندن : ئاشکراکردن، دانپێدانان. گۆتنی تشتێك.
سوژدەبردن: کڕنۆش بردن، خۆ خوارکردنەوە لە نوێژدا بەرەو قیبلە بە نیشانەی سوپاسوێژیی بۆ کرگار و بەجێگەیاندنی فەرمانی.
خەلەو خەرمان: ئەوەی بەرهەمە و و بەکار ڕەعەمەل هاتووە و و دەسترەنجی وەرزێرە. بۆ دەغڵ و دان بەکار دەبردرێ.
سوکنایی: ئارامش و ئۆقرەگرتوویی، ئارامیی ، دووری لە هەژان و دڵەخورپە.
کەشتی: گەمیەی مەزن،

پاپۆر : کەشتی نیزامی ،

جوبران خەلیل جوبران، فیلۆسۆف ، شاعیر، هونەرمەندی عەرەبزمان
ح. ئەیوەزادە کردوویە بە کوردی

ئەوەی لەبەردەستی ئێوەدایە ، سەرەتای پەرتووکێکی جوبران خەلیل جوبرانە بە ناوی پێخەمبەر کە لە ئالمانییەوە کردوومە بە کوردی. دەقە ئینگلیزیی و فەرەنسیی و عەرەبییەکەیم لە بەردەستدا نەبوو تا لەبەر یەکیان دانێم. لەمەولا هەوڵدەدەم نووسراوەکە لە بناوان و سەرچاوەکەیەوە واتە ئەو زمانەی پێی نووسراوە وەرگێرمە سەر زمانی کوردی.
ئەوە هەر سەرەتایە و بۆ پێخۆش بوونی ئازیزێك وەرمگێرا سەر زمانی کوردی.